# ماسیەکان بۆ هەڵم پێدەکەنن/
# زەنگی کۆڕەپایەتی شعرەکان دەمەیێن

**هەندرێن**

"بشێ من فریودرابم؟ ئاخۆ دەبێ بۆ من خۆشویستن! خوشکی مەرگ بێت؟
هەرچۆنێ بێت. من داوای پاکژبوونەوە دەکەم، چونکە من بە درۆ فرچککردارم.
دەبا بەرێکەین.
بەڵام دەستی حاشنایەک نیە! لە کوێ دەست بەهانایێ دەگا؟"

"ئارتۆ رامبۆ"

- سورخی شیعر، بە پەڕین و ئاوێتەبوونی ئاوەڵەمەکان، بێ ئەوەی تا ئێستا بزانێ بۆ، کەوتە ناو قووڕگی نادیاریی؛ بێ ئەوەی بخوازێت کە ببێتە ئەم بوونەوەرە "هەتیمە"، سێوئاسا کەوتە بەردەم "نیوتن"ی شعر و دەرکەوت. شعریش تۆوی غەریزە و کڵۆڵی و پەرێشانیەکانی پشکنیەوە، خۆشی لە زگماکیە کەوە کەژ وهەوایەکی بەپیت بوو بۆ ڕەباسبوونی چرۆسانی شیعر. بەمجۆرە شیعر دەبێتە دایەی هەتیمێک؛ (بە واتای سارتەر، مرۆڤ کە لەدایکبوو، هەتیمە). بەمجۆرە پەرێشانی سۆز و هەستە لەدەستچوو و نەبانەکانی دەگرێتە خۆیەوە؛ ئەو پەرێشانی سۆز و هەستانەی کە لە بنەڕەتدا لەناو پزدانی دایکیدا بە زیزبوویی بەجێماون.

سورخی وەک بارستایی و وەک لە شیعرەکانیشدا دەبینین "لێرە" لەم دنیایەدا خۆی نیە، بەڵکو لە ورێنەی شیعرەکانیدا خۆی "لەوێدا" وەک هەبوو دەبینێتەوە. بۆیە بێپەروا دەکۆشێ بگەڕێتەوە "ئەوێ" و ئاوێتەی ئاوەڵەمەکان ببێتەوە و لەناو سۆز و لەزەتە پاک و وەهمیەکانی "ئەوێ" خپ ببێ و تامە ڕاستینەکان بکات، کەچی بەئاگاییە ناوەکیەکەی دەزانێ کە ناتوانێت.

ئەوەتا کە سێبەری تەنراوی لەدایک دابڕان کەڵەکە دەبێ و لە بەرانبەر هەوڵەکان، -
خەونەکان، دەگلێ، تەنگەتاو دەبێ. بە تەرزە سکاڵا و خۆزیایەکی نزائامێزی
گرینۆکانەوە بە پەرێشانی دایکی کەینونەوە دەنووسێتەوە و دەڵێ:

"کێ بێ بۆلای تۆم بگەڕێنێتەوە؟
یا خۆت بە ملما هەڵواسە
یا لەگەڵ خۆمدا بتبەم...
لەم دنیای گەورەبوون متمانە بەکەس ناکەم."

دنیای گەورەبوون سێبەرێکی درە گەمارۆی جەستەی دابڕاو لە کەینونەی نەرم و نیانی دایکی دەدات، مەشخەڵانی غەریزەکانی پڕ دەبن و ترس ئارامی لێدەبڕێ. هۆشی نائاگایی کۆرپاتیەکەی لە زمانی هەست ڕەمەکی و زگماکیەکانی دەئاخڤێ، هۆشی ئاگاییە دەرەکیەکەشی لە خشتەی دەبا،-کە خودی خۆی لەوە نائاگایە. پاڵەپەستۆی غەریزە سێکسیە کپبووەکانی پاکانەی کۆرپایەتیکەی گوماناوی دەکەن. جا لەبری ئەوە، دەیەوێت دایکی لەگەڵ خۆیدا ببات، تا هەستە گوماناویەکەی مەحف بکاتەوە. ئەمەش لە دیدی فرۆیدەوە "گرێی دایک"، یان "گرێی ئۆدیب" دەگەیەنێت، لە هەستی ئاگایانەی "سورخی"شدا، پاڵنەرەکەی هەست و سۆز و پەرێشانیەکی لە دەستچووی پاکانییە بۆ دایکی!
ئەم هەستەی سورخی شاعر. لە دنیایەکی تر و بە جیازوازیەکی ترەوە بۆدلێرمان بەیاد دێنێتەوە. بۆدلێر بۆ دایکی دەنووسێ:

"لە تۆدا زیندووبووم و، بۆ خۆم بە تەنیا
هاوکات کۆیلە وهاوڕێ بووم
ئای بۆ ئەو حەشارگر بووتەکە بێگەردەی خود
لەگەڵ خود حەشارگەیە، دڵ بووە ئاوێنەکان."

بەڵام "بۆدلێر" ئەم حەشارگەیە دەخاتە سەر کاغەز تابێتە هەڵم و دەڵێ:

"منی برین و چەقۆ و قوربانی جەلاد"

شاعیری "ماسییەکان –
پێدەکەنن"مان. هەرچەندە تەمەنی هەراش دەبێت، ئەوەند زێتر هەستی لە دەستدان و دوورکەوتنەوە لە کۆرپاتیەکەی تەنگی پێهەڵدەچنێتەوە و هەگبەی زاکیرەی پەرێشانیەکانی کۆرپایەتی دەوەروژێن و ڕۆحیشی دەبێتە باوێشکەیەکی درێژ:

–

"کات ئێسکێکی فڕێدراوە
شوێن سەگێکی دڕی نووستووە"

یان:

"لە سیمای سادەترین شت
شەڕ دەبینم."

رابردووی کۆرپایەتی، وەک خەونێکی بێکۆتایی بەدوای خۆیدا رادەکێشێ.خۆرسکی کۆرپایەتیکەشی، دنیایەکی پڕ لە بێبەشی کۆرپایەتی و شەرم و چاوشکانە! تابلۆیەکی وێران ئاسایە. لەویوە وێرای تەمەنی هەراشبوون نامۆیی و بێزاریی وسەرگەردانی وئاڵۆزیەکان لە دەروونیدا قووڵ دەبنەوە.
کەواتە، نەئێستا دەتوانێ غەریزە و هەوەس و ماخولیاکانی هەراشی بۆ دابین بکات، نە کۆرپایەتیش ئەوە بووە تاکوو سێبووری پێ بێتەوە. ئێستای سورخی باوێشکێکە و تەواو نابێت. لەم ناوەڕاستە وەهمگر و خەون و کەڵکەڵە زراوەنەدا، سورخی  هەست بە بیژۆکی جەستەی هەراشی بەرهەستی دەکات. ئاگایی بۆ ناو خەون و خولیای خواستە زگماکیەکانی کۆرپاتی پەلکێشی دەکا و بەخۆشی لەزەت لەو فریوە وەردەگرێ:

"دەستم لە قژی"بەیان" دەئاڵاند
ئەستێرەیەک لەسەر سنگم بوو
یاری بەگوێم دەکرد."

ئەوەتا دەبینین جەستەی هەراش و ئاوەزی دەرەکی لەودا کاریگەری نیە، هەر ئاگاییە ناوەکیەکەیتی وای لێدەکات ئاوا بە ڕەمەکەکی و زگماکانە جۆگەلەی وشەکان بیڕژێن و بە "بوو"ی رابردوو، شتە جوان و ناسک و سۆزاوییەکان تامیان هەیە. لە سەرجەمی شعرەکانیدا "دەبێ"، وەک ((بوو)) پاک و زگماک و تامدار نیە، ئێستای شاعیر  ئێستایەکی پڕ لە کەمییە، بۆیە دەزانێ ئەستێرەش بەو کڵۆڵیەی ئێستاکەی رازی نیە. ((گەندەموو))ش هێمای ساوایی و گوناح و کەمۆیی دەنوێنێت. "بەیان" هاوەڵی منداڵیەتیەکەیەتی. وێدەچێ، شاعر نە ئەوکات و نە ئێستاش "لێوی بە گەندەمووی گۆنا" نەهێناوە، بەڵام دەبینین شعر  بۆشایی ئەو حەزەی بۆ پڕ دەکاتەوە. بۆیە دەبینین بە فێڵ ولاساریی منداڵانەیی دەیەوێ ئەو حەزە سادەیە پراوە بکات:

"من نێوچەوانی بەردێکی رەشم
چەندەها جار لەبەر تریفەی مانگەشەودا
لێوم بۆ گەندەمووی گۆنات هێناوە."

کەچی دەزانێ کە ئەو هی ئەوە نەبووە و نیە، بۆیە نائاگایانەی شعریەت وای لێدەکات بڵێ:
"هاتووم گیانی بچکۆلانەم لەلات بشارمەوە،"
وێرای ئەمەش، هەستی نەزڤرینەوەی کۆرپایەتیەکەی هەر بەهۆی نائاگایی هۆشکیەکەیەوە تووشی بێهوودەیی و لێکدژی و نیگەرانیەکی ئاڵۆزکاوی دەکات. هەموو شتەکان پەیوەندیان بەیەکەوە نیە، شتە پاک، ڕەسەن و بێگەردەکان هیچان لە شوێنی خویان نەماون/نین.
ئەو ناتوانێ، یان ئاوەزە ناوەکیەکەی دەرفەت نادات ئاوەزە دەرەکیەکەی دیاردە، هەرا و زەناکانی ئەم دنیا و ژیانە پیربووە، بەیەکەوە ببستێتەوە و لەگەڵیان رابێت.
هەرچەند دەکارێ، بەڵام زمانی شیعریی هەر لە رابردوودا دەئاخڤێ:

"ئەڕۆیشتم و هەستم بە زیادبوون دەکرد
من بچووکتر دەبم و
تۆ گەورەتر و گەورەتر دەبێ".

ئاگای لەم ناتەباییە نیە لە شیعردا، چونکی شیعر زمانحاڵی راستەقینەی ناوەوەیەتی ئەو "بچووکتر دەبم"ەی ئەو، هەست بە کەمیەکەیەتی، نەک بچووکی تەمەن. بەڵام دەیەوێ دڵی خۆی بداتەوە و هاوکێشەی ماخولیاکانی هاوسەنگ بکات.
ئەو ڕابردووە (کۆرپایەتیە)، وەک کرمێکی ئاوریشمە هەموو غەریزەکانی ئەڤین ، شەڕەنگێزی وجوانی خۆشیە راستینەکانی تەونچن دەکا و ئێستای بەردەوامی فەرامۆش دەکات. بۆیە ئێستای وی بەهۆی کەلکەڵە و خەونەکانەوە "لەوێ"ی ئاوریشم نشینە، واتە شاعیری ئەو شێعرە "لەوێوە" بۆ "ئامادە" و "داهاتوو" نابزوێ، بەڵکە هەرچەندە یاسای ژیان و دیالەکتیک، جەستە و شتە جووڵەدارەکانی دەوروبەری دەگۆڕێت، کەچی ئەو "لێرە" هەڵدێت و "لەوێ"دا گۆشەنشین دەبێتەوە. رابردووی کۆرپایەتی، وادەیەکی خۆڕسک و ڕەسەنی بێگەردە، ئەڤینیش لەناو ئەو کەینونەدا، وەک ئەو هەستی پێدەکات، لەوێدا مانای هەیە:

"دوو منداڵ بووین
تۆ بە چەترە شکاوەکەی دەستت و
منیش بە ئەسپە دارینەکەم
لەژێر چەترەکانا باران لێی داین."

بنۆڕنێ، چۆن کەڵکەڵەی کۆرپایەتیە کپبووە پەنگخواردەووەکەی مجگێز و رۆحی ختوکە دەدا و ژیان وئەشکەوتی تەمەنناکانی بۆ لە پەلکەزێڕینە دەچنێتەوە: هەر دەڵێی دنیا باخچۆکەیەکی خۆڵەپۆکیە و چەند بووکەشووشە، ئەسپەدارینە، جۆلانە و هەڵماتێی تێدایە و هیچی تر نا. "چەترکەش" شکاوە، بارە دەروونیە تێکشکاوەکەی "ئێستا"، بەهۆی پاڵنەری نائاگاییەکی ئەو "شکانە". دەشکێنێ، یان تاکوو سروشتی ئەڤینەکەش بە سیمای مندالانەیی بنەخشێنێ، "چونکە خۆشی دەزانێ کە لە منداڵیەتیدا چەتری مندالانەی نەبینیووە." ڤێجا دەرەوەی ئەو باخچۆکەیەش. لەلای ئەو نە هاڤرکێ، نە تاوانکاریی، نە شەڕ و شۆڕ وکوشتن وبرینی گەورانیشە، بەڵکو هەر دەڵێی لە چەند باخچۆکەیەکی تری وەک هی ئەم و ئەو پێکهاتووە. ئاسمانیش بارانی لێ دەتکێ، تا بۆنی زەوی بێ و ئەویش بە فێڵی بارانەکە بچێتە ژێر چەتری کچکۆڵەی گراوی و بۆنی پرچی باراناوی بکات. وێڕای ئەو دنیابینیە کۆرپایەتییە ڕەمەکییە، ئاسمانی کەڵکەڵەشی وەک باران پەیڤە کۆرپایەتیە ئاساکەی بۆ دەچۆڕێنێتەوە ناو گەرووی زمان و دەستەواژە و وێنە وهێما وبیرڕۆیی (تداعی) و دنیای هەستەکانی وەک ملوانکە بۆ دەهۆنێتەوە. هەر دەڵێی زمانە شیعرییەت تازووکانە لە منداڵدانی زمان ترووکاوە و زەخیرەی ڕۆشەنبیری و ئەزموونی خوێندنەوە پەی پێنەبردوون. هەر ئەم هۆیەشە زمانە شییعریەکەی کرچ وکال و پرە لە هەڵەی زمانەوانی.

سورخی وەک چۆن ناتوانێ لە دنیای خەون و کەڵکەڵە و غەریزە حەشاردراوەکانی کۆرپایەتیەکەی رزگاربێت، هاوکات ناشتوانێ لەم سادەیی و ڕەمەکیەتیە و زگماکیەی زمانی رزگار بێت، چونکو زمانی کۆرپایەتی هەر خۆی لەخۆیدا بەو تەرزە شێوەیە، سروشتی ئەو شێوە زمان. وێنە، هەست، بیرڕۆیی و کەڵکەڵانەی شاعیرمان وامان لێدەکات لەبەرامبەر یاسا و لۆژیکی زمانەوانی بیبەخشین. هەروابەمەش ئەو رواڵەتە لاسار و بزێویانەی کە سیمای شیعرە منداڵ ئاساکانی پۆشیوون، رۆح سووکی قشتیلانەیی بنوێنێت. ئا ئەم لایەنانە بوون رۆحی قەڵەمەکەیان فریودام، کە ناچاربم ئەو وڕێنە شیعرییانە بخوێنمەوە.

لەم رۆژگارەدا، کەڵەکەبوونی رۆشەنبیری و کەرەسە ئاڵۆزەکانی ژیان و بە ئامێزکردنی جوانییەکانی سروشت و ئەزموونی خوێندنەوە، زمانە زگماکیەکەی رۆحی منداڵیمانی شەپڵەدار کردووە. دەنگ و باسی دوورەدەستیی ئەزموونە لەقووتوکراوەکان (معلب) ئاوەرۆی جۆگەلەی هەست و خوستە رەمەکیەکانی قەوزەگرتوو کردووین. ئەم دیاردەیەش بەتایبەتی جیهانی شیعری ئەمڕۆی کوردی گرتۆتەوە. ئێمەش بەناوی "تازەگەریی"ەوە خۆمان فریو دەدەین.

هەڵبەتە، لەو نێوانەدا، داهێنەری تر هەن کە بەئاگایانە و بەدیقەت بەو ئەزموون و زەخیرە رۆشنبیریانەوە بەهرە و جەستەی ئەفراندنیان فرچک دەدەن. کەچی سەکۆی رۆژگار ، رووداو ناوە بەهەرمێنەکان، لەمپەری بێهەرمێنیان هەڵچنیووە. هەروا رۆژگاری "سەرۆکایەتی" و "پشت مێز"، کە دیاردەی رۆژگارێکی تاڵن، دەرفەتەکانی دەنگ ناسینەوەیان کونبڕکردووە. ئەفراندنیش خۆی لەخۆیدا، لە ئاخیرەتدا، ئەم "سەر" و "سەرانە" بۆ شوێن و رۆژگارێکی سنووردار بەجێدەهێڵێت.

بەهەمەحاڵ، ئێرە جێی قەڵەم هەڵزەلین نیە.

کە شعیر دنیا خۆڕسک و راستگۆیەکەی لە دەست دا و بە کاریگەری زۆرەملێی ئەو رۆشنبیرییە کەڵەکەکراوانە نووسرا، دەبێتە بەرهەمێکی رۆشنبیریی، نەک شیعر.

ئەو کاتەی کە ترپە، نەوا و شەوبایە زەنگدارەکان بەناو پەنا و پێچی چرۆستانی رۆح و مەملەکەتی دەروونندا سەفەر دەکەن، ئاسمانی رۆح هەورێکی وەنەوشەیی دەپۆشێ، ڤێجا بارانێکی نەرم و دژوار شیرازەی وەرزەکان رادەپسکێنێ و دەرژێتە سەر پێدەشتی رۆح، کە هەموو تاموبۆی هزر و رامان و رۆشەنبیرییەکانی لەگەڵ خۆیدا ئاوێتەکردووە. بەم شێوەیە دەبینین شیعرێکی ڕەنگ گەنمی، خۆڵەمێشی، وەیان شیعرێک بە ئاوێتەی هەموو رەنگەکان لەدایک دەبێت.

لەو کاتەی هەموو شتەکانی ئەم دنیایە رەنگی پیری دەنوێنێ و رۆحمان کەنەفت دەکا، سروشتی ئەم چەشنە شیعرە رامان دەچڵەکێنێ و بەرامبەر چرپەی پرسیارە نادیارەکانی بوون وگەردوون واقوڕماومان دەکات. لەو کاتەی کە واهەست دەکەین هەموو مەتەڵ و پرسیار و تامی شتەکان بێمانا دەبن، ئەو شیعرە بزێوە لە گومانمان دەگرێ. لەو کاتەی ئەم واقیعەی کە فێڵی سیاسەتی دەسەڵاتخوازان کرماوی کردووە، ئەو شیعرە بە سەفەر بەرەو دنیایەکمان دەبات کە خەونە مەزنەکانی مرۆڤایەتی لێ جێنشینە. شیعر زمانحاڵی واقیعێکە کە "ئێرە"ی سواو نیە، بەڵکو "ئەوێ"ی مەحاڵستانێکە کە هەرگیز دەستمان پێی راناگات. شیعر بەرهەمی غەریز، خەون و حەزەکانی ئەم مرۆڤەیە کە کۆتاییەکی نیە.

کەواتە لە ڕاسگۆیی شاعیردا، شیعری ڕاستگۆ بەرهەم دێت. بەلای منەوە ئەم ڕاستگۆییە لە شاعیر و شیعردا، گرنگترین پێوەندگی ئەفرانده.

-ئەرێ، بای ژیان وەک پەرەمووچە تەمەنی جەستەییانەی سورخی دەبا و ئەویش ئاوری سەرنجەکانی لە دنیای زاوزێی جالجالۆکەی ئەم گەردوونە و ئەڤینداری پەپووله، چۆلەکە و باڵەفرە کەمۆکانی ئەم وەحشەتەی بوون هەڵناگرێ. ئەم نەخۆشییە دەروونیانە و ئەم کڵۆڵییەی بێئاگا دەکەینە پێشمەرگە، وا دەزانێ دەتوانێت ئەو نەخۆشیانە چارە بکات. کەچی هەموو شتەکان بەدوایدا دەڕۆن و لێی جیانابنەوە. لەناو دونیای چەکدا، چۆلەکەکان هێلانەیان دەسووتێنرێ و تۆپەکان بووکەشوشە و بەروانکە و خانیچۆلەکان سێوی دەکەن. شیعری شاعیران (زۆربەیان!) بۆنی باروتی لێدێت، شیعری سورخی بۆنی ژێربالی چۆلەکە و پەپوولەی لێدێت. تامی فرمێسک وشیری مەمکی ڕژاوی دەم منداڵان دەدات:

"تۆشم دەدی
قاپێک کە شیری لێ دەڕژا بۆ خۆرت درێژ دەکرد
بانگت دەکرد و دەگریای."

یان:

"ئەمشەو
مانگ باوەنۆئیلە وکراسە سوورەکەی
منی لەبەرکردووە."

گەمە و خەونە منداڵانەییەکان وەک گوڵئەستێرە لە دەشتی تاریکستانی دەروون و ڕۆحی وەڕسی شیعری شاعیر باڵەفرێ دەکەن و بروسکە دەدەن. ئاوەزی زانیاری و ڕەوانبێژی گەرووی ترسێکی سامناکە، دادگایەکی مەحفکارە، ئەگەر خۆی دایە دەست ڕاستییەکان دەبێ بۆ نەمان ملکەچ بێت. بۆیە بە ئانقەست لەناو ئاپۆرەی پرسیارەکان ڕادەکا و تەرمی ڕۆح بۆ ناو کۆشی ژیانی سادەیی سروشت دەبات:

"لە چەرخی بۆری سێیەمدا بوو
تەرمی خۆم بەرو ئاوەدانیەکی
پێنج ماڵی دەئاژوا."

لەناو هەرا و زەنای خەڵک و ئاڵۆزیەکانی مرۆڤی سەردەمی خاوەن سەدان شێوە و نەریتەکاندا، جێی خەونە کێوییەکان و ئاکارە ناسروشتیەکانی تەرزە شێعرێکی وای تیا نابێتەوە. پرسیارەکان گەمارۆی

شاعیر دەدەن، کەچی بەرلەوەی گەمارۆ بدرێ هەڵدێ. هەموو وەڵامە قورسەکان دەخاتە ئەستۆی قەدەر و یاساکانی بوون. ئەو هەر لەوێ رۆژێوە خۆی نەیوستووە بێتە "ئەمڕۆ":

"لەبەر سکم نان دەخۆم
لەبەر پێڵاوەکانم پیاسە دەکەم."

که پیاسە دەکا و نان دەخوا، کەواتە دەژی، کە ژیاش، گەورە دەبێ، کە گەورەش بوو، غەریزەکان لە داخوازی خۆیان وازناهێنن. شاعیر دەیەوێ بۆ بەرتەکی ئەم ئاڵۆزکاریانە پەنا بباتە بەر پەڕەندە گوناهەکانی سروشت و گیانە سپییە پاکانەکان. بەوە دەیەوێ لەم ((خودە)) هەڵبێ، کەچی لەسەرەنجامدا هەر دەگەڕێتەوە ناو ((خود)) و لەویدا خۆی پەنادەداتەوە. شەڕی ((خود)) شەڕێکی نەزۆک و بێئەنجامە. بۆیە شاعیر لەبەرانبەر هەموو جووڵە و شتەکانی ئەم بوونە بێنموود و لاوازە، ئەو هەستانە لە ((نەبوونێکی)) لەخۆڕای ((بوون))ی هەڵدەکێشن. دەبوایە ئەم بارە کلۆڵییە شاعیری بەرەو خۆکوشتن ببات. بەڵام ئەو  دەیەوێ خۆکوشتن، ئەو بکوژێ، بۆ مەرگێش شاعیر لە چۆلەکەیەکیش فەقیرۆکەترە. بۆیە مەرگیش دڵی نایێ رووی تێبکات:

"هەموو رۆژێک مەرگ دەبینم و
پێم پێدەکەنێ."
یان:
"مردن لە پشت دیوارەکاندا،
قاچە سەوزەکانی دەشوا."

ئەوەتا ئەو خۆشی هەست بەوە دەکات کە لەبەر دەستی مەرگ نێچیرێکی ماڵییە، چ وەخت بخوازێ راوی دەکات. مەرگ قاچی سەوزە، ئەم رەنگ سەوزییە هێمای سروشتی ژیان یەکسان بە مەرگ دەگەیەنێ. مەرگ لە سروشت لەدایک دەبێت، وەک چۆن ئادەمیزاد لە خاک پەیدابووە و دەگەڕێتەووە ئەویش. ئەم بیرۆکە بەرێکەوت تێکەڵی هەستی ئاگایە نائاگاییانەکەی شاعیر بووە، کە ئەمەش لە هزری مرۆی ئیسلامدا سەرچاوەی هەڵگرتووە.
بەکورتی ئەم هەستی بێزاری و پەشۆکاوی و کلۆلیانەی سورخی شاعیر نەخۆشیەکن، هەموو نەخۆشەیەکانی لێهەڵدەقوولێێن. ڤالێری شاعیری فەرەنسی واتەنی: " ئەمە خۆی لە خۆیدا وەڕسیی تەواوی ژیانە، کە ئەمەش تامی بوونە. مرۆی شاعیر دەبێ هەمیشە هەستی پێبکات و هەمیشەش تامی بکات."
-شاعیری کۆشیعری "ماسییەکان پێدەکەنن"، هەست دەکات بەرانبەر خۆی تاوانبارە. خود سێبەرێکی چڕنووکاویە و هەڵیدەپشێوێ. هەر ئەوخودەش لەبەرانبەر خۆی دەڵێی چۆلەکەیەکی لە ئاو خلێتێنراوە. بەکورتی هەر دەڵێی خودی خۆی نیە، خودێکی ترە لەناو خوودا شەڕی لەگەڵ دەکات:

"بەربەیانێک
هێلکەیەکی سپی بەربۆوە
دڵی من و دوو ئێسک بوو
پێش وەی "لیلیا" بمبا
پشیلە زەردەکەی زەوی
پڕی دامێ و بردمێ."

– لەناو ئەم مرخێش مرخێش نەزۆکەدا دەیەوێ بە ئەڤین، ئەڤینێکی بێگەرد و پاک (کە لەگۆڕێدا نیە) وەرسییەکانی پێ بخافڵێنێ. حەزدەکا لەگەڵ مانگ و درەخت و چۆلەکە و هەموو شتە پاک و بێگوناهەکان دلْداری بکات. چونکو خۆی هەست بە گوناهی خۆی دەکات، بۆیە دەیەوێ بەو بێ گوناهانە، گوناهەکانی بسڕێتەوە. گەرای غەیریزە سێکسی، برسێتیە کەڵەکەبووەکانی کۆرپایەتی، کە هەموویان لە چەپاندنی سێکسیدا گرد دەبنەوە، ئەم برسێتیەش پڕ نابێتەوە، بەرۆح ئەڤین دەسپێدەکا. کەچی ماخولیای سێکس بەر زەفت نابێ.
شاعیرمان لە خەیاڵبازیی، وێنە و پێچوواندن لەزەت لە جووتبوون لەگەڵ ئافرەتدا وەردەگرێ. حەزدەکا وەکو هەموو هەست و خوستە رەمەکی و زگماکییەکان، رەگەزی مێینە و جەستەی ئافرەت پاکیزەیی وپاکانەیی بنوێنن.
ئەم هەست و حەزانەی وەک خودێکی بوونەوەر، لەبەر ئەوە نیە کە خۆی نایەوێت ئەو رەگەزە مێینە و جەستە پاکیزەیەی ژن بشێوێنێ، بەڵکو چونکو خۆی لەبەرامبەر ئەم جەستەیە و رەفتاری سێکسی دەستەوەستان و لاوازە. لێرەدا ئاگاییە دەرەکیەکەی ئەم بەهانانەی بۆ قووت دەکەنەوە. بەلای شاعیری "ماسییەکان پێدەکەنن"، سێکس ئەڤین دەشێوێنێ و جوانیەکان لە دەست دەردەچن.
کاتی خۆی بۆدلێر گوتبووی: "وێکڕا تێکەڵآوبوون لەگەڵ یەکێکی تردا، مانای وایە تۆ حەزدەکەی بچیتە ناو یەکێکی ترەوە، پەرێشانیش هەرگیز لەناو خودا دەرناچێ."
هەروا بۆدلێر ئاوا فەزای خەیاڵبازیەکان شەونماوی دەکا و لە شیعری ((ماردە)) دا دەڵێ:

"حەزم دەکرد لە تەنیشت ((ماردە))ی عازەبدا بژیم
هەروەک پشیلەیەک لەتەک قاچەکانی شاژندا لەزەت دەکا."

بەهەمان شێوە حەزەکانی ئەو خودە دابڕاوەی شاعیرمان، بەدەست لەملانێی جەستەی شەبەنگێکی بۆن و بەرام ئاسا بە وێنەی جەستەیەکی سافی مێینە دادەمرکێتەوە، کە ئەو خودە ئاوێزانیەتی. هەر ئەم خودەشە، خودەکەی تری، ئارەزو و جوانیە لاتەریک، شێرزە و شەرمنەکانی، لەناو حەشارگەری نووتەکی خۆیدا تەونچن دەکا. بەمجۆرە خودی ئاگا و پلیشاوە لە رووبەڕووبوونەوەی ئافرەت خۆیی دەدزێتەوە، تاکوو بەرەو ڕووی ناتەواویەکانی نەبێتەوە.
ئەو خودە تارماییەکە هەموو کەڵکەڵەی فەنتازیا و شەهوەتە بۆنگر و چەورەکان دەوروژێنێت. بە ڕێگەی شتومەکی ئافرەت وەک، دەسماڵ دەرپێ، نامە، ژێرکراس، ملپێچ، گۆرەوی، بۆنی هەوەسەکان رازی دەبن

و لەزەتەکە تێر دەکەن. ئەمەش لە دەروونناسیدا بە "فیتیشیزم" ناودەبردرێت، واتا ئاوێزان بوون بە شمەکی ژن. با گوێ لەم شیعرە بگرین:

"ئەوە شەوەی لە ماڵ نەبووی
لەناو جێگەکەت خەوتم، بەیانی کە لە خەو هەستام
سەرینەکەتم ماچ کرد.
ئەو شوێنەم وەکو پشیلەیەک بۆن کرد."

بۆنی نزیکی ئافرەت بۆ وی بێ لەزەتە، ئەو بۆنەی کە لە جێگە و شتومەکەکان نیشتووە، بۆنێکە، لەزەتێکە، هەوەسێکە، لووس و زوڵاڵ، کە تارمایی ئەم خودە تامەزۆیەتی. ئەوەتا حەزەکان لەناو سەرابی کەڵکەڵەکان سەرەتاتکێ دەکەن و جەستەی ئەو بۆن و بەرامە پڕ لە شەهوەت دەکەن:

"خۆشەویستەکەم،
لە گەرماوەکەدا خۆی دەشوا،
چکۆلەکەکانیش ئاوی جۆگەلەکە دەخۆنەوە."

حەز دەبێتە ئەفسانە و شێوەی چۆلەکە دەنوێنێ، بە هەڵلوشینی ئاوی زەمزەمی چۆڕاوی لەشی خۆشەویستەکەی نەبێت هەڵ ناکات. حەز تا چڵەپۆپەی کەڵکەڵەکان فڕیوە، تام سۆی تێنوێتی بەو ئاوە بۆنگرە نەبێ ناشکێ. سێکس دەخواتەوە، نەک دەیکات.
دەزانێ. یان تارمایی هەوەسی خودە دەزانێ کە "عەشیقەکەی" خۆی دەشوا، ڕووتە، کە ڕووت بوو، هەوەسیش بەو ئاوەی کە لەو جەستەی ناو گەرماوەکەوە دەچۆڕێتەوە لەزەت وەردەگرێ. ئەمەش لە ڕەگی ئەو ((فیتیشیزم))ەوە سەرچاوەی گرتووە.
گەر ئەو خودە کێویی و یاخی نەبێت لەو خودە ئاگایە قەوزەگرووە، زاتی نەدەکرد پەی بەو هەستە پڕ لە شیعریەتە ببات. تارمایی کەڵکەڵەکانی ئەم "خودە" دابڕاوە، ((عەشیقە)) دەخولقێنێ و بە هەوەسی خۆی یاری بە جەستەی ئەو ((عەشیقە))یە نادیارە دەکات.
- نائاگایی نووسەری ئەم شێعرانە شاعیرە؛ نائاگایەکی شاعیرە. جا گەر شاعیرمان لەو ڕێککەوتە نائاگاییە زگماک و ڕەمەکیە داماڵێ، بەلای کەمیەوە ڕاسگۆیییە شیعرکەی لێ دادەماڵێت. ئەوە شیعرە کە هەتیمیەکەی وی ناسی، شیعر نەبووایە لەم دنیا و سەردەمە گومڕایەدا، چ پەناگرێک ئەم ((بوونە)) هەتیمە کلۆڵ، نیگەران و نامۆیەی دەحەواندەوە.
ئاوا شەڕەنگێزەکانی ((با))ی بوونی قەدەر داوی کۆلارەی ڕۆح ڕادەپسکێنێ، ڤێجا خود دەبێتە ماسیەکی گێژ و سوورگومی نێوان شەپۆلە سرکەکانی روحی شپرزە و عاسێ و نیگەرانەکەی. درۆیە پێکەنیوەکانیش شەهوەتی مانەوەکەی فەرامۆش دەکەن.

ئیتر...! ئەوەی کە دەبووایە بۆ جەستەی ئەم شیعرە منداڵ مەرانگازبوونە بنووسم. ئەوە نیە کە نووسیوومە. ئەوەی کە نووسییوومە، سەفەرێکە لە شوێن تەیکردنی سەفەرێکی تری تەنیایی شیعر. بۆیە سۆراغ و پرسیارەکانی تر لەنادیاریی ئەم سەفەردا، بۆ خودی نادیارییە گومڕاکانی شیعر بەجێدەمێنن.
- هەروا وەکو لە یاسا و رێسای پێشەکی نووسی شیعری کوردیدا بەباوکراوە، ئەز لە شوێن مامۆستایەتی و دکتۆرایەتی پێش وەعزیم بە خۆم نەسپاسردووە. چونکە بە نەخۆشییەکی تەشەنە و کوشندەی دەزانم و بڕواشم بەم ((بەندوباوە بەباوکراوانە)) نیە. هەروەک لەلای هەندێکیش بۆتە ((باو و خولیا)) بۆ پڕکردنەوەی هەستی بستەباڵا ((قزم)) یان، لەبەر خاتری رەسم گرتن لەگەڵ بەناو گەورە و ناوداران دیدار و رەخنەنووسی دەکەن. بۆیە من مەرامم نیە، خوانەخواستە ریسقیان بپەرمێن بکەم.
- وێڕای ئەمانەش، من شێواز و رێچکە و پایە و ئاستی ئەم دیوانیلەیەم لە هیچ قوتابخانەیەک قەید نەکردووە، چونکو شوێنی بەتاڵ لەو قوتابخانانەی کوردیدا نەماوەتەوە. بۆیە لە روانگەی ئەو قوتابخانانەوە، ((روانگەیزم))ی و ((شار و هاوڕینیزم))م پیرۆز نەکردووە. وابزانم شیعر، کە لەدایک بوو لە هیچ قووتابخانەیەک داناکسێ. کە شیعر لە منداڵدانی دایکی شاعیر لەدایک بوو دەرچووی هەموو وانە و پۆلی قوتابخانەکانە.
ئەرێ شیعر کە مەرجی قبووڵکردنی هەبوو بۆ قوتابخانەیەکی دەستکرد، پێی دەڵێن شیعر؟!
- ئەرێ جەستەی لاساری شیعر، چۆن ئە هەموو ساڵانە لەناو ئەو قوتابخانە و لەگەڵ ئەو قوتابیە لێک جیاواز و تەمبەڵ و ئەو مامۆستا بۆینباخ رەسمیانە سندم دەکرێ؟!

کەواتە نیتشە واتەنی:
" هەر تەنیا خودی کارەکانی هونەرند یان فەیلەسوفەکانە، کە دایانهێناوە ئەوان دەخولقێنێ.
چونکە دەبووایە دایانبهێنابایە. ئەو مەزنانە، وەک ئەو چامە لە شیعرە بوودەڵە و چاوشۆڕانە کامانەن، تا شکۆداریان بکەین یان پیرۆزیان بکەین.
ئەو مەزنانەش تەنیا شەهیدی ئەوانەن پەرستوویانن."

8/1993
ستۆکهۆڵم
handren_u@yahoo.se

تێبینی!
ئەو نووسینە دەخوازێ بەرجەستەکردنەوەی خودی خۆم بێت، تا خودی شاعیری ناوبراو.

هەروا رەنگدانەوەی ئەزموونی ئەو روانگەیە کە شوێنکاتی ئەو نووسینە بەرجەستەی دەکاتەوە.

## ئەمەی خوارەوە کۆشیعری فواد سورخییە

بەیان،
سێوێکە لە باخی شەو
لە بوولێلێک
بەسەر خاکی سەوزی
چاوەکانم دا بەردەبێتەوە.

بەیان کە پێدەکەنی و چاوەکانت
دەکەیتەوە
ئەوکات سیمای شەڕ
ماندوو دەبێ و خەو دەیباتەوە.

مەهاباد

لە باوەشتدا خۆر بەچکە پشیلەیەکی زەرد بوو
لەو پەنجەرەیەی کە شەو دانەخرابوو
دەرپەڕی و چووە بن تاقی ئاسمانەوە
هەڵدەفڕیم و
وەکو کۆترێکی سپی
کە لە خۆر نزیک ئەبووەمەوە
تۆشم دەدی لە دەستەکانتدا
قاپێک کە شیری لێ دەڕژا بۆ خۆرت درێژ دەکرد
بانگت دەکرد و دەگریای.
ئەگەر پەپوولە دەبووم
لەنزیکتەوە هەڵدەفڕیم
نە باران،
نە خاک،
نە دەستی منداڵانیش

له تۆیان جیا دەکردمەوە.
ئەگەر پەپوولە دەبووم
بەهێرشی ئەو چۆلەکانەی سیمایان تووڕەیە
نە ئەو جاڵجاڵۆکەیەی تەونەکەی
بۆ کرمی ئاوریشم هەڵدەخات
نە ئەو قرژانگەی پەپوولە دەگرێ
دەیان توانی لە تۆم دوورخەنەوە
بەدەورتا ئەهاتم و لەگەڵتا دەبووم
تۆ گوڵێک لە ڕووخسارتا ڕوا
من لە باوەشی ئەو گوڵەدا ئەبووم بە پەپوولەیەکی تر.

*.......*

ئەمشەو
فریشتەی گیانە سپیکەی"ماردین"
کمانچە سوورەکەی دەژەنێ
ئەستێرەکانیش لێی نزیک دەبنەوە و
ئاو لە کراسەکەی دەخۆنەوە
"ماردین"
مانگە و فرمێسکی چاوی ڕەشی شەو
ئەسڕێتەوە
گیانی هەورەکان لە ڕووبای ئاسمان
ئەشواتەوە
"ماردین" سورشتە
هەزارەها پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ
دەکەنەوە سەر دەست و نێو کۆشیەوە.

*.......*

ئاسمانێک بووی
درەختە سەوزەکانی دەستم
لە دامەنی کراسە شینەکەت نەدەبوونەوە
سیمات گەواڵەیەک بوو

چۆلەکەکان
ئاویان لە دمتدا دەمژێ...
ئەهاتی و
چیمەنە سەوزەکەی زەوی
ئاوی بارانی دەخواردەوە
ماسییەکانیش
لەدەوری پارچەی تیشکی چاوت
کۆبووبوونەوە...
ئەمشەو هاتم
سەتلێکی پڕ لە ئەستێرەم لەبەر دەرگای
ماڵتان هەڵڕشت
بۆ ئەوەی هەر کاتێ بڕۆی
پێتان لێ بنێ و
بە خەبەربێمەوە.

*.......*

بۆ پەپوولەی باڵات
وا ئەڕوێم ئاشنای خاک دەبم
ئەبم بە تەڵاشە بەردێکی بچوکۆلانە
فرمێسک بۆ زەوی هەڵدەڕێژم
من نێو چاوانی بەردێکی ڕەشم
چەندەها جار لەبەر تریفەی مانگەشەودا
لێوم بۆ گەندەمووی گۆنات هێناوە
بارانی گشت وەرزەکان پێیان لە نێو چاوانم ناوە
لە ڕاگوێزان- دێتە یادت
لەگەڵ نەمامەکانا پاشەڵی کراسەکەتمان لە خاک
ئەشووشتەوە
لەنێو رووباری گیانتا چاوەکانم ئەکردەوە
بە پەنجەکانم لمی گیانتم هەڵئەدا

تا ئەلبوومی پڕ لە گوڵ و پەپوولەکانم بدۆزمەوە
کاری سووکوشەپۆلێک لە خەونم دەکا
لەگەڵ وردە چەوەکانا
بۆ کەناری چاوەکانتم دەباتەوە
من بەربوومەتەوە نێو ئەم دنیانە
هاتووم لە گۆشەی چاوەکانتا جێم بکەیتەوە
هاتووم گیانی بچکۆلانەم لەلات بشارمەوە.

*.......*

سێوەلاسوورەیەک بووم
بەدەست کچە باخوانێکەوە
بە دەم سووکە گازەوە
وەکو پێکهنینی چاوەکانی
"دەنکە" قاوەییەکانم کەوتنە سەر زەوی
هەناسەی بووە خۆر و
چووە گیانمەوە
کاتێ بووم بە نەمام
بەژنی ئەوم گرتە خۆ
ئەویش بۆ هەتاهەتایە
وەکو من گۆنای سوور بوو
لە سەوێکی ساردا
سەربازەکان،
ئەویان هەڵوەراند
منیشیان کردە سەربزووتی ئاگرێکی گەورە
ئیتر لەو کاتەوە
نە من باڵای ئەوم ما
نە ئەویش سووریی گۆنای.
ماچم دەکرد
جوانەگای ئێوارە

لە دۆڵەکەی ئەودیو گوندی
هاتە نێو باخی ڕۆژ و
گشت گیا زیوینیەکانی خوارد
ئاو لە چاوە ڕەشەکانی ئێوارە
دەزنا
ئەو ژنەی لە درەخت ئەچوو
چارۆکەکەی پڕکردبوو لە خەیار
نەمامەکانیش
وەکو منالآنی هاروهاج
لە یاڵێکی بەرزەوە
خۆریان خزانە نێو گۆمی مەنگی
ئاسمانەوە.

تۆم لە نێو دنیایەکی سپی دا بینی
دەستی خۆرت ڕادەکێشا و
دوور دەکەوتیتەوە.
منیش هێدی هێدی
بەدواتدا ئەبووم بە بەفر
هەموو ئێوارەیە
کۆترێک ڕۆحم بەجێ دێڵێ
ڕۆژێ دێ
لە پەنجەرە سەر دەردێنێ
گیانم بووە بە شێرەبەفرینە و
چاوەکانم نەماوە
ئەوکاتە دێی
دەست بەسەرما دێنی و
گیانی بەفرینم لە باوەش دەگری و
نایەڵی هەرەس بێنێ...

*.......*

خۆر گوڵە حاجیلەیە و
دوو دوستی گەواڵەیەک
پەڕەکانی لێ دەکردەوە
دواپەڕەکانی خۆر و
چاوەکانم کەوتنە نێو ڕووبارێک
کە بە شەو مانگ مەلەی تیا دەکرد
دەستم لە قژی"بەیان" دەئالآند
ئەستۆرەیەک لەسەر سینگم بوو
یاری بە گوێم دەکرد
کە لە خەو هەستام
چاوەکانم هەڵفڕین
ئەستێرەکەش چوو بۆ یاری

## "شوانە"

کە لە ماڵ نەبووی....،
خۆر هات و
لە دەلاقەکانەوە مۆمی بۆ هاویشتین
لە کەرتە ئاوێنەکەی سەر گۆڕە بچکۆلانەکە
لەسیمای خۆی ڕادەما
وەکو تۆ ئەسمەر بوو
خێرا گوڵە وەنەوشەکانی
ژێر درەختە گەورەکەی چنی و
لەودیو تەپۆلکەکە لێمان ون بوو
ئاە...شوانە
ئەگەر ئەم جارە خۆر بێتەوە
پێی دەڵێم
قوتیلەکەیەک پۆدرەی منالآنم بۆ بێنێ
من دەمەوێ
ژێر باڵی زەوی پۆدرەکەم
تۆ تۆپەڵە بەفرم تێ بگری و

منیش پۆدرەت پێدا بکەم.

*.......*

ناو لەناو گەواڵەکانا نووستووە
ئاو لە ڕووبارێکدا پێدەکەنێ
گیانی درختەکان بە کەفەوەیە
یاریگەی منداڵەکان بوو بە چاڵە ئاو
ئاو دەڕوا
ئاو دەگری
ئەو کەسەی خۆشم دەوێ بوو بە ئاو
بیرم لە ئاو کردەوە لە سەربان بوو
دڵم کەوتە نێو ئاو
گیانم هەبوو بوو بە ئاو.

*.......*

کاتێ مانگ بەردەبێتەوە
بەر پەنجەرەکەی ماڵی "بەیان"دەکەێ و
وەکو چۆلەکەیەک پەڕەکانی هەڵدەوەرێ
دوێنی پێنج شەممەبوو
دوو دڵۆپ باران و
ئەستێرەیەکی کراس سووری چکۆلە
بزر بوو
منالاّن یارییان دەکرد
ملوانکەیەکیش لە گیرفانمدا بوو
کاتێ "بەیان" بانگم دەکا
ڕەوە چکۆلەکەکانی ئێوارە
کراسی سێبەریان
بەسەر درەختەکاندا دابەش دەکرد

*.......*

سێوەکەی دڵم
کردە بە دوو کەرتەوە
کەرتێکی کرمی تێدا بوو
لەسەر بالیفە سەوزەکەم دانا
کەرتەکەی ترم بۆ هەردووکمان
سپی کردەوە
گەرما بوو
چۆلەکەیەک پێی وتین:
زۆر مەخۆن گەدەتان دێشێ
شەویش وەرنە لای من جێگەتان دەبێتەوە
ئاە...خۆشەویستەکەم
گەر کچمان بوو ناوی ئەنێین"......."
ئێوارانیش لەگەڵ ئەستێرەکان
ئەڕۆین بۆ کلێسە مانگ
نوێژ دەکەین بۆ خوا
هەر جارێکیش سێ مۆم
سێ مۆمی بچکولانە
بۆ پەیکەرەکەی "مریەم"
هەڵدەکەین.

*.......*

ئێوارە بوو
هەموو دەگەڕاینەوە
بزمارەکان لە گیرفانمدا خڕەیان دەهات
لە مێشکمدا وێنەی زۆرشت
بەهەڵواسراوی مابوونەوە

ئەڕۆیشتم و هەستم بە زیادبوون دەکرد
جارێ سنجاقێکم لەسەر ڕێگا
دۆزییەوە
جارێکی تر تەوقە و قردێلەیەک
ئێوارە تەواو دەبێ و
من لەناو پەڕۆدام و هەر زیاد دەکەم
ئەی ئافرەتە قژ کورتەکە
لەبیرتە پێکەوە بووین
بەفر دەباری و
من بەفری سەر قژتم
دەدزی!

"لیسا"

شەوی پەمەیی
لەڕووخساری "لیسا"ی دەکرد
"با"ی دەستە سپییەکانی "هەندرێن"
یاری بە چڵە سەوزەکانی قژی دەکرد
باران دەبارێ و
دڵۆپەکان مناڵی چاوڕەشی هاروهاجن
گوڵە سوورەکان تەڕ دەبوون و
نەمامەکان یارییان دەکرد
تەم پێدەکەنی
مانگەشەویش
لە چاوەکانی "لیسا"دا
بیبسی کۆلای دەخواردەوە.

*.......*

چ زوو مردین

به هەردووکمان
تەمەنی ساوایەکمان نەبوو
کاتێ ئەسووتاین
هێندەی کۆرپەی گیانمان
دووکەڵی سپی ئەچوو بۆ ئاسمان
هەورۆچکەیەکین نازەنین
ڕوو لە چاوی خۆر دەگرین
بە دەستە بچکۆلانەکانمان قژی زەوی ڕادەکێشین
پێ لە زگی ڕەشی خۆر ئەنێین
لە نێو هەورۆچکەکانا ئەخەوین
ئەبین بە کەرتە نانێک
ئەستێرەکان دەنووکمان تێ ئەژەنن
ماسییە وردیلەکان خێر
ئەمان خۆن
کاتێکیش بەردەبینەوە سەر زەوی
لەگەڵ تەرمی نێرگزێکدا
دەمان نێژن.

*.......*

## "چەند حاڵەتێکی گەواڵەکان"

با گەواڵەیەکی هێنا
سەری مانگیەک بوو
بە گوریسێکی درێژ ئادەمیزادەکان
بۆلای خۆیان کێشیان دەکرد
مانگایەک لە گووانەکانی شیر دەچۆڕا
با گەواڵەیەکی هێنا
ئاسکێک بوو
بە تیرێکی سووڕ پێکرا بوو

گووانەکانیشی پڕ بوون
لە شیر.
با گەواڵەیەکی هێنا
پارچەیەک نان بوو
بەردەم سەگی ڕەشی شەوەوە
سەگێک کە نانەکەی دەخوارد
مڕەی دەهات، جارجاریش
بە چاوی وەفای بۆ مرۆڤەکان
دەنواند
با گەواڵەیەکی هێنا
"ماردین" بوو
کەمانچەکەی دەژەنی و
درەختەکانیش سەمایان دەکرد
با گەواڵەیەکی هێنا
زەردەخەنەی سەر لێوەکانی"یولیا" بوو
پێدەکەنی
ئەهات و پێدەکەنی
تا بوو بە باران و
داباری
هەر پێدەکەنی.

"نینا"

"نینا"ی نەمام لەگەل درەختی بوونما
ئەشنێتەوە
نیگای لەنێو سەوزاییما ئاوا دەبێ و
لەپشت ماڵە ساکارەکان هەڵئەنیشێتەوە
"نینا"ی سمۆرە
منی درەختی کردووە بە هێلانە.

بۆ خۆری باڵای
کردووەمی بە زەوی و بە سەرمەوە دێت و سەڕوا
"نینا"ی ڕۆح
ئەڕۆی! بەجێم دێلی؟
هەر چڵێک لە من بشکێ تۆی پێ گەورە دەبی
من دەمرم و تۆ دەژێی
من بچووکتر دەبم و
تۆ گەورەتر و
گەورەتر دەبی......

"بەجێهێشتن"

کاتێ ڕۆیشتین...
زەوی وەک دایکیک کۆرپەکەی بە باوەشەوە بوو
مەلەکانیش زنجیرێکی سووک بوون بە ملی
خۆرەوە
خۆر سوور بوو بوو
زەردەپەڕ لەگەڵ درەختا
وەک هێلانەی کۆترێک تێکەڵ بوو بوو
بەدێژایی ڕێگا
سیمات جووتێ هێلکەی سپی بوون
دڵم کۆترێکی هەڵنیشتوو
هەرچەندە لە خۆشەویستیت قووڵ دەبمەوە
لەناخمدا، ئەبین بە دوو کۆتری سەرباڵ ڕەش و
سپی
تا دێی لە بیرما بەرزتر هەڵ ئەفڕین
دوو لە چاوان...
دوور لە دەست و
دوو لە قەفەسەکەی سەر زەوی!

"مەهابا" ❊

خەوتووی و
هەناسەی کۆترە بچکۆلانەکەی سینگت
خەریکە وردە پرووشەکانی هیوای زیوین
بەسەر شەوا
ئەبەشێتەوە...
نووستووی و وەک ئەو جۆگەلەیەی
کە ئێواران کەو و سوێسکە ئاوی
لێ دەخۆنەوە.
چ سەوێکی کپە!
ماسییە وردیلەکانی ناخیشت
ئاو بۆ ژێرە چەوە ڕەنگینە کانی ناخت
ئەگوێزێتەوە...
خەوتووی و بەردەم بزەوە
جارجار هەنسک ئەدەی
ئەڵێی چپەی ئەو کۆترانەی
کە شەوان لەنێو دارخورما بەرزەکانا
وەنەوز ئەدەن
دنیا تاریکە "مەهاباد"
هێشتا شەو هەر ماندووە
تۆش هەروای لە خەودا...

❊ ماهاباد عەلی: کچێکی ساوایە.

"دایک"

دەبینم چرکەکانی کات
بەدواتا دێن
خەم و ماتەمیش
دوو پیاوی کورتەباڵان و
لەگەڵیانا ئاشنا بووی و لێت جیا نابنەوە
لە دوورییما کەس سڵت لێ ناکاتەوە
بایەکی زیویی ئێوارە
شتەکان لێک جیا ناکەیتەوە
یاساکان وەکو خۆیانن
شتەکانیش کۆن ئاسان
تۆ وا زوو سیماکانت لەبیرکردن و
دنگەکانت لێ گۆڕا... دایە
ئەی ئافرەتە بێکەسەکە!
تەنیا جارێک دیم شادی لەنیوەشەودا
بەدەم زەردەخەنەوە لێت نزیک بۆوە
ئیتر نەمدی...نەگەڕاوە
تەمەن ئەڕوا و دوورییت هەر ئەمێنێتەوە
کاتەکانی ساکاری و
ژمارەی پەنجەکانی دەستت
چ دەیان گەڕێنێتەوە
نا! حەزناکەی هێندە ئاڵۆز بم
ئاخر تۆ فێرت نەکردووە، هێندە دڵڕەق بم
چیتر ناتوانم بەهێز بم دایە
بۆچوونەکانم زوو ڕەنگیان دا
بڕوا پۆڵایینەکانم خوایان هێنا
هێندەش کەللەڕەق نیم
لە گەلی شەیتان نەیەمە خوارەوە
ئاە! دایە

ئەو کەسەی منی لێت دوورخستەوە
ئەویش جارێک هەستی ئەجووڵێ و بیردەکاتەوە
کێ بێ بۆ لای تۆم بگەڕێنێتەوە...؟
ئای دایە...
ئەمشەو بۆتۆ بۆ دوژمنەکەشم
هەر کەسێ بیەوێ
گەر کەسێ حەز بکا
بۆ هەمووتان گریام!
نا دایە نا...
من لە نیگای چۆلەکەیەک سڵ دەکەمەوە
چۆن لە دووری گیانی تۆ
ناپەنگێمەوە
شەوان مانگ مراوییەکی مل سەوزە
گوڵێکی سوور لە ڕووباری شەو دەگوازێتەوە
ئەوە منم دایە
با دوا ساتەکانی گیانی خوێناویم
لە باوەشتدا لە دەست بدەم
یاخود خۆت بە ملما هەڵواسە
با لەگەڵ خۆمدا بتبەم
لەم دنیایەدا متمانە بە کەس ناکەم
بۆ تۆی بەجێ بێڵم.

"مانەوە"
نەورۆزی قژزەدر
سبەی بەهار بەرەو ژوانگەی من دێی
چارۆکەی پڕ لە گوڵزار و نێرگزجاری گۆشت
لەسەر گەرمیانی دەست و
لەسەر کوێستانی چاوەکانم

هەڵئەڕێژی...
ئەی کچی دەست و مەچەک پڕ لە خڕخاڵ
کەواڵە دەسڕۆکەی یادگاری و
ملوانکە ساکارەکەی ملت
بە ملی لوتکهما هەڵئەواسی
هەموو ساڵێک وەکو پەیمانێکی دێرین دێی و
لەسەر گڵکۆکەم دائەنیشی و
جۆگەلەی بریسکەدار و ئاوێنەکەی باخەڵت
لە ژوور سەرم جێ دێڵی
هەموو ساڵێک
نارۆی تا پێکەوە نەسووتێین
هەموو بەهارێک دەمانسووتێنن
هەموو ساڵێک
من هەر ئەو خاکەم لەسەر خۆشەویستی بەهار
دەسووتێنرێم
بەهاریش ئەو سەوزاییەیە لەسەر منی خاکی ئەو
هەڵدەپڕوکێنرێ
هەموو ساڵێک دوای سووتان
لهدەستەکانی تۆ تۆزی خوێن ئەتکێ
لەنێوچەوانی منیش ڕەشێییک"با" دەهێنی
هەموو ساڵێک
تۆ هەر ئەو کچەی
منیش هەر ئەو کوڕەم
من هەر ئەو خاکەم و
تۆش هەر ئەو بەهارەی
هەموو جارێک دوای سووتان و
لەناوچوون
دیسانەوە
وەکو دووگیان و

وەکو دوو پەپوولە
وەکو دوو فریشتە
بۆ باوەشی ئاسمان و
بۆ ناو دەریا و
بۆ سەر زەوی
وەکو دوو دەزگێران
بۆ سەر گڵکۆ و بۆ ژوانگە
دەگەڕێتەوە.

## "هەتیو"

دایە
گەواڵەی گیانت مەلێکی ئەفسوناوییە و
سمۆرە ئاسا لوتکەکان
بۆ مەلی چاوەکانم دێنێ
لە بێئاگایی تۆ... دایە
زەمەن مارێکی سەوزە و
بە هێلانهکەم هەڵدەگژێ
سبەی کە نایەی
هەندێک لە پەڕەکانم ئاو دەبیا و
هەندێکیش بە هێلانەکەوە
دەمێنێ...

*.......*

پەنجە سەوزەکانی درەخت
لەسەر پەڕە شینەکەی ئاسمان
تابلۆکەی تۆی دەکێشا
لەگەڵ زەردەپەڕا
قژە برۆنزییەکەی تەواوکرد

بەفر باری و
قژت هەموو بوو بە بەفر
باران باری و
ڕەنگی قژتی تێکەڵ بە سیمات کرد
ئەی"یولیا")ی ئێوارە
بەیانی کە بەخەبەرهاتمەوە
دەستی درەختەکەیان بڕی بوو
وێنەکەشت کەوتبووە
نێو ئاو...

"یولیا" ناوی کچێکە.

## "شتەکانی لێلیا"

شەو دارپرتەقاڵێ بوو
بەرەبەیانیش ئەو جادەیەی کە پڕە لەو
پرتەقاڵەکانی سەر شۆستەکانی
کۆدەکردەوە

کۆترەسپییەکەی لە تۆ دەکرد
لەناو قەفەسێکم هەڵگرتبوو
وتم: ئەگەر بەڕەڵای بکەم
ناڕوا...؟
چۆلەکەیەک،
لەباجی خوا گەنم دەدزێ و
لە زەوی ئاو و

له‌ من خۆشه‌ویستی
ئه‌و ڕۆژه‌ داوه‌ڵه‌ سووره‌كه‌ی
دڵ هات و
پێی وتم: ده‌نووكی "لیلیا"
چاوی هه‌ڵكۆڵیین
"لیلیا" له‌ ژیان، ژین ده‌دزێ له‌ من خۆشه‌ویستی و
له‌خواش گه‌نم.

به‌ره‌به‌یانێك
هێلكه‌یه‌كی سپی به‌ربۆوه‌
دڵی من و دوو ئێسك بوو
پێش ئه‌وه‌ی "لیلیا" بمبا
پشیله‌ زه‌رده‌كه‌ی زه‌وی
ۆڕی دامێ وبردمی
شه‌و
وه‌كو ئاسنگه‌رێكی ماندوو
دڵی سووری زه‌وی ده‌كوتا
به‌ره‌به‌یان
رووبارێكی ملوانكه‌یی
له‌ ملی "لیلیا" كرد

په‌ڕه‌سێلكه‌یه‌ك
خه‌ڵكی ئێواره‌ بوو
ماڵی له‌ گیای سه‌وزی به‌هار بوو
جارێك پێی وتم:
ئه‌گه‌ر ئه‌م جاره‌ش "لیلیا" خۆشتی نه‌وێ
ئه‌وه‌ له‌م كۆچه‌مدا
به‌چكه‌یه‌كی خۆمی بۆ
به‌جێ دێڵم...

تەمەنی "لیلیا"
کانییەکی ساوایە
شەوان، مانگ وەکو بووکەشوشەیەک
توند توند،
لە باوەشی دەگرێ و
خەوی لێ دەکەوێ
بۆ "لیلیا"
جارێک بەردێکم لە چاوی مانگ گرت
لینجاوێکی سپی بەربوەوە و
ئەو ڕۆژەش
دارێکم لە گیانی خۆردا و
پەڕو نیوینەکانیم بۆ "لیلیا'
کۆکردەوە.
دوو چۆلەکەی سەر چلێکین
کۆلارەی منالێک لێمان نزیک
دەبێتەوە
من و "لیلیا"ش هێلانەکەمان
بەجێ دلێین

وڵاتسێوێک بوو
من و "لیلیا"
بەدەم بزەوە خواردمان

"لیلیا" باڵای بارانە و
فرمێسکی دوو چاوی سەوزی
زەوییە.
لە دڵی "لیلیا"دا پڕوشکی سپی
دەپرژا

من و خۆریش.
له سه‌لاقه‌ی دیواری ئاسمانمان
ده‌خزاندن

له ته‌مه‌نی "لیلیا"
ڕۆژم پاشه‌كه‌وت كرد
شه‌وم پڕ له ورده تیشك كرد
ئه‌وه سه‌وه
گۆزه‌ی ئاریكییم شكاند
گشت ته‌مه‌نی "لیلیا"م ده‌رهێنا و
بۆ كچۆڵه‌ی ئاسمان پێنج بازن و
بۆ كوڕه چه‌قاوه سووه‌كه‌ی زه‌وی
چاكه‌تێكی سه‌وز و بۆ "لیلیا"ش
سێوه لاسووره‌یه‌كم كڕی.

## "به‌هار"

سبه‌ی به‌هاره
گوێم له ترپه‌ی پێی گوڵه‌كانت ده‌بێ
خاكی لاوی جه‌رگ سووتاوم
قۆپچه‌ی یه‌خه‌ی ده‌كاته‌وه وسینگی والا ده‌كا
هه‌موو به‌هارێك دێی و
له‌گه‌ڵ خاك ده‌سووتێنرێی
ئاه! چه‌نده چاوقایمه گوڵی سووری تۆ
چۆن بۆ ژوانگه دێ!

*.......*

گه‌واڵه‌یه‌ك هات

لە گۆڕە پانی شەڕ دەچوو
بە ئاسمانییەوە دەیان ئاڵا بەرز بووبۆوە
ئاڵای سوور و سپی
لەپڕ ئەسپێک لە گۆڕەپانەکە هاتە دەر
لە گوێیەکی خوێن دەچۆڕا
ئەسپێک سەیری دەکردم و دەستەکانی بڕابوون
هەورەکەش گەورەتر دەبوو
ئەسپێکی تر بەتاو بۆم هات
گیانی شەڵاڵی ئاو بوو
ئاە! هەورەکە نزیکتر بەوە
جەنگاوەرێک شمشێرەکەی فڕێ دا و هەڵهات
هات و خزایە نێو جێگەکەم
بەیانی گشتی تەڕ بوو
تەرمی جەنگاوەرەکەشیان
بردبوو.

## "حاڵەتەکانی مانگەشەو"

ئەمشەو
بەسەر مانگی گیانە زەردەکەی منا
ئەستێرەکان هەڵئەگژێن و لە شینایی ڕۆحم
دەدەن و
تەڕنابن.
ئەم شەو
مانگ سەتڵێکی پرتەقاڵیی "شیلان"ەیە و
بەنێو ئاسماندا ئەستێرە ئەبەشێتەوە
ئەمشەو

مانگ باوە نوئیلە بەفر ئەگرێتە زەوی
ئەمشەو
مانگ گێزەرێکی لاسک سەوزە
شەویش کەروێشکێکی چاو وەنەوشەیی
دەم بزێوە.
ئەمشەو مانگی گیانم تا بەرەبەیان
دەست لە ملی ئەستێرەکان ئەنێ و
هەموو خەومان لێ دەکەێ.
ئەمشەو
مانگ وەک من
سەر زگی هەموو پەڵەی ڕەش بوو
چاوە سەوزەکانیشی پڕ بوون لە ئاو.
ئەمشەو
مانگ سپی دەبێ
بۆ تاوێکیش
وەکو تۆ پێدەکەنێ.
*.......*

گەڵای درەختەکە مێروولەی ڕەش
دەیخوات...
"با"ش گەڵاکانی تر هەڵ ئەوەرێنێ
درەختەکە ڕووت دەبێ
وەکو تۆ لاواز دەبێ
وەکو پەنجەرە
وەکو ئاوێنە دەشکێ...
زەویش مناڵێکی بەسییە و گەڵا وەریووەکان
دەخوا...
ئەمە چ یاسایەکە پیرێژنەکەم "ڤیکتوریا"
چۆن دوو پرتەقاڵ
یان نێوان دوو سێو دەپێورێ

ڕێگا چۆن لە لیمۆی زەرد
دروست دەکرێ.
*.......*

چاوەکانم دوو کرمی مەیلە و سووری
ناو لیتان
کە دەڕۆن لینجاوێکی زەرد بەجێ دێڵن
لە پێیەکان دەترسم بم شێلن
لە ڕووناکی هەڵدێم
ئەخزێمە تاریکایی
من تا دوێنی
هێندە سەیری خۆرم دەکرد
خەریک دەبوو کوێر ببم...!!!
درەختەکانم ماچ دەکرد
ئەم درەختە کچە
ئەم درەختە کوڕە
لە کانییەکی دوور ئاوم دەخواردەوە
ئەوکات ئەوم لەگەڵدا بوو
بەڵام ئێستا
تەنیا کرمێکی مەیلە و سووری
بێ مانای ناو لیتاوم
(((
جاران خۆشەویستەکام
دۆستی خوشکەکەم بوو
سیمایم لەناو چاوی مانگدا دەبینی
بەدوای پەپوولەیەک غارم دەدا کە ئەو بوو
ئێستا سەیری هەر کوێیەک دەکەم
نایبینم
بزربوو و بزربوو
ئاە! کوا مردن...؟
مردن لە پشت دیوارەکاندا،
قاچە سەوزەکانی دەشوا...
ئەوکات مردن لێمەوە دوور بوو

ئێستا مردن لە نزیکەوە دەبینم
کە لەگەڵ ئەو بووم
سێوەکەی بەهەشت سیمای ئەو بوو
بەختەوەربووم
ئێستا کرمێکم و قورسایی گیانم
بۆ تاریکایی کێش دەکەم
(((
مەرگ دێ
هەموو ڕۆژێک مەرگ دەبینم و
پێم پێدەکەنێ...
"من ئەوکات دەمویست ڕۆحی تۆ ببەم
کە دڵدار بووی"
ئەی کرمی ئازیز بژی
ئەم دنیایەم پێشکەشی تۆ کردووە
(((
ئێستا شوێن و کات
دوو فریشتەی خوایەکن
هەموو ڕۆژێ پرسیارم لێ دەکەن
ئایا خۆشەویستەکەت لەخوا دەترسا
پاک بوو یان نا؟
دەمترسێنن، دەڵێن: ئازاری دەدەین
ئەی خوایە
دەگریم... دەگریم و
لە تارماییم و
لە سیمای خۆم هەڵدێم
(((
هێڵە ڕەشەکانی شەو
ڕووخساری ڕووناکییان داپۆشت
ڕووناکی مناڵێکی مردووە
تۆم دەبینی
شیری مەمکەکانت بە مردوویەکی
نێو گۆڕێک دەدا
ئەو مردووەی کە تێر شیری "نیدو"ی نەخواردبوو
(((

پۆلە پەرییەک
لەناو گالیسکەیەکی زیویندا
شیراویان بۆ بەهەشت دەبرد و
لە پێکەنیندا دەتریقانەوە
مردووەکانی بەهەشتیان شادمان دەکرد
وێنەی ئەڤیندارەکانیان لە گیرفاندا بوو
ئەوان دۆزەخیش
تاڵەقژی خۆشەویستەکانیان لەگەڵدا بوو
تاوانیشیان ماچکردنی قاچی
خۆشەویستەکانیان بوو!
ئەوانی بەهەشتیش
دەستی گراوییەکانیان ڕامووساندبوو
کە دەتویست دەستت
لەسەر قژی مردووەیەک هەڵگریت و
بێتە لام
مردوویەکی تر دەگریا
چونکە نێوچاو ماچ ناکرێ
دەمەوێ من بەڕووتی چاوەکانت
ماچ بکەم
)))
ئەمە چاوێکە لە ناخم یاخی بووە
ئەمەش ڕیزە ددانێکە لە خاکی
سینگمدا شین بوونە
)))
لە چەرخی بۆری سێیەمدا بوو
تەرمی خۆم بەرەو ئاوەدانییەکی
پێنج ماڵی دەئاژووا.
ئەودەم خۆشەیستەکەم وێنەی نەبوو
مردنیش بێ کفن بوو
کاتێ مردم
تۆم لەگەڵدا بووی

نە دۆزەخم دی
نە بۆ بەهەشتیان بردم
(((
ئێستا بەختەوەری زۆرە و
ژانیش زۆرتر
هەمووومان لەناو کەشتییەکی زل داین و
بەرەو دۆزەخمان دەبەن
پیاوەکان، قاتیان لەبەردایە
ژنەکانیش جلی بووکێنی
دکتحرەکان. پێدەکانین.
ددانەکانی پاک دەکردەوە...
(((
ئەو چۆلەکانەی لە بەهەشتەوە دێن
بە دامێنی کراسە شینەکەی بەرتا هەڵدەگژێن و
بەدەم جریوەوە
فرمێسکەکانت دەخۆنەوە.
(((
لە پشت زەردەپەڕا.
تۆ دیاری و
بە چلێک ئاوەژۆی جۆگەلەیەک دەگۆڕی و
بە سەتڵێکیش ئاو
بۆ دارهەنارێکی کێویلە دەبەی
(((
بەناو گەواڵەیەکی پڕ لە کۆتردا
خۆر بەسەر شانی کۆترێکە و
بەرەو هێلانەکەی دەبا.
کە گەواڵەکە دادەکا
کۆترکان بێ ماڵ بە دارەگوڵی ئاسمان
خۆشەویستەکەم

که تۆ بێی.
نە گەواڵە دەبێ بە گۆڕستان و
نە گوڵ لە ئاسمان دەڕوێ.
نەکەس خۆر بۆ ماڵی خۆی دەبا،

*.......*

ئەی سێوەکە:
ناتەوێ لە باوەشی درەختە نزمەکەتدا
بمێنێتەوە...؟
لە پەیڤی دەستەخوشکەکانت و
لە گەڵای چڵە باریکەکان و
لە هێلانەی تاقە کۆترەکەش
بێزاربووی
حەزناکەی چیتر لە تۆوی گەڵاکانەوە
شەوان، ئەستێرەکان سەرنج بدەن
یا بەیانیان،
خۆر وەکو مێرمنداڵێک تیشکی ئاوێنە
شکاوەکەی
لوتۆ بگرێ.
بێزاربووی...
لە لیکاوەکەی دەم پیاوە فێگرتووەکەی
زەوی
ئەمڕۆ سمۆرەیەکی دز
پێی وتم:
چۆلەکەی گێل و
دەستە بەنرخەکانی باخەوان و
زەرتەکە سیما ئاسنینەکان
سێو، ئازار دەدەن
گیان لەبەرێکی تر، هات و لە نزیکتەوە هێلانەی

دانا
ئای سێوەکە...
وەرە بۆ باوەشی قوڕاوی من بەربەوە
من کە هیچ قسەت لەگەڵ ناکەم
ناهێڵم دەنگی بەرزی مۆسیقاکەشم
ئازارت بدات
ئاە... تارمایی
تارمایی دێت ودەمان خوات

*.......*

پۆلە مەلێک هاتن
جریوەیان نایەوە و
ئاژاوەیان خستە ناخت

"کارین"... یاری بە بووکەشووشەکەی دەکا
خۆر ماڵی دیوار بەجێ دێڵێ و
خۆڵ لەجێی خۆی کۆن دەبێ و
بەناو گەڕەکێکی پڕ لە جۆگەلەدا
"یولیا" دەبەن
"یولیو" پەنجەی خۆی دەگەزی و
بۆ پارە دەگری

کۆمڵێک چوونە ڕاسوەماسی
شەلێک لەمێژ بوو چاوەکانی خۆی لەدەست دابوو
تۆ گریای؟
کاغەزێک تەڕ بوو
گوڵێک و پەڕی چۆلەکەیەک ئاو بردنی
کۆترێک پەڕی چۆلەکەکە بۆ هێلانەکەی خۆی دەبا

تۆ دەگریێی
هێدی هێدی زەوی چاڵایی تێ دەکەوێ و
چاوساغێکی سیاسی
دەستی مێژوو بەسەزمان دەگرێ و
لە جادەی دەپەڕێنێتەوە...
مناڵێ دەیەوێت لەگەڵ بارانی چاوت یاری بکا
بۆ نەء!
خۆ تۆ هەر دەگریێی
درەختەکان ئاو دەیان شواتەوە
مەلێک دایکانە هێلانەکەی لەباوەش دەگرێ و
باوکم لە ڕۆژێکی وادا
بەبێ ئەوەی بزانێ بۆ
خەم دەخوا!
منیش ئاو دەمبا...
تۆ گریا بووی
کوێرەکە بارانی دی بوو
لەسەفەر دەگەڕایەوە
ڕاوکەرەشێتەکان بەرەو ماڵ ڕایان کردبوو.

**"شەهید"**

کاتێ... مەلی چاوەکانم
ڕووە و ئاسمان ئەبنەوە
مانگەشەو بەئەسپاییەوە دێ
لەکەناری چاوەکانمدا...
گۆرەوی پووزەوانەکانی دەشواتەوە
رزەنەکەی دەکاتە بالیف و
پاڵتۆ سەوزەکەی ڕائەخا

بۆ تاوێک...
قاچە... زەردە باریکەکانی
ئەخزێنێتە ژێر پێڵووی چاوەکانم و
ڕائەکێشێ...

*.......*

گوڵێکی سوور
لە هێش خۆ چووبوو
بە پەنجە سەوزەکانی
ڕۆژەکانی ئەژمارد
وەک کچێکی بێ ناز
ئەو ڕۆژانەی یاد ئەکردوە
چۆن پەپوولەیەکی چکۆلە
بە باڵەکانی ئەکوتا
هەندێ جار پەپوولەکە لە نێو ئامێزی سووری
گوڵەکە
ون ئەبوو...
هەندێ جاریش گەڵەکە لە نێو باڵە سپییەکانی
پەپوولەکە...

*.......*

بەختەوەری لەسەر کاغەزێکی سپی دا بوو
کە من دەگیرم
شتە شکاوەکان لێم تێ دەپەڕن و
گیانم بەجێ دێڵن
ڕوو وەردەگێڕم لە خۆم و
هێشتا ئاسمان سەیرم دەکا
خوێنم دادەچۆڕا.

ئەی هاوڕێیە زیندووەکەم
خوێنی من و
تۆم هاوڕێیە زیندووەکەم
خوێنی من و
تۆم کرد بە گۆڕستان
ئەوە تەرمی من و
تەرمی بۆق و
قەوزە و
وردەچەو
ئەوان دۆستی منن
ئیمڕۆ خۆڵ دایکی منە
بست بست لە دوام دەگەڕێ
ئیمڕۆ زانیم دایکم لە نێو گوڵدانەکەدایە
هەڵدێم و لەناو چاڵێکی قووڵ دا
خۆم دەشارمەوە
دوو جۆگەلە ئاو بە چاوەکانی زەویدا
دێنە خوار.

*.......*

چۆلەکەیەک
دوو چاوی قاوەیی و
ژێر باڵەکانی بۆنی خۆریان لێ دەهات
چۆلەکەیەک
دەنووکی زەرد و
گەرووی بۆنی بارانی لێ دەهات
چۆلەکەیەک
دڵی وەکو باخ و

جریوەی وەکو ڤیدەکەنینی منالآن بوو
چۆلەکەیەک
حەزی لە گۆرانی نێو دەوەن و
خواردنی چەوری کەنار بوو
چۆلەکەیەک
دەزووی گەڵایەکی سەوز
بە قاچەکانیەوە ئاڵابوو
چۆلەکەیەک
گەڵایەکیان بۆ کرد بە کێل و
لەسەری نووسرا:
چەوی کەناری دزیوە
پیرەداری لە خەو کردووە
چۆلەکەیەک
چیتر نە بۆ دزی دەچوو و
نە گۆرانی دەوت
چۆلەکەیەک
نە دەبووکی زەرد و
نە چاوەکانی قاوەیی بوو
چۆلەکەیەک
تەنیا ژێر باڵەکانی و
گەرووی بۆنی بارانی لێ دەهات.

*.......*

درەختە ساکارەکە
هەموو ئێوارەیەک دێیت و
ڕووخساری زەرد و شەرمنت
لە نێو بەرگی سەوزی زەوی
دەشارییەوە
گەڵا جگەرگۆشەکانت فێرکردبوو

لەسەر باسکی خۆت خەویان لێ بکەوێ
ئاخ درختەکە
هەموو ئێوارانی
دوای ئەرکەکانی ماڵەوە
ئەخزێیتە ژوورە تاریکەکەت
دەرگا لەسەر خۆت دادەخەی
هەموو ئێوارانێ
لە پەنجەرەکانی دڵتەوە
کزکز تیشکی چرا نەوتییەکان
بەرزە دەبێتەوە
بەیانیانیش چۆلەکەکان
هێلانەکەی دڵت پاک دەکەنەوە
ئاخ درەختەکە
ئەو ڕۆژە
لەسەرقەبران دەگەڕایتەوە
خۆر لە قەڵادۆشکانت بوو
مناڵی،
بەردی لە باڵات گرت
تۆ چەند میهرەبان بووی
هیچ دەنگت نەکرد!

*.......*

دوو مناڵ بووین
تۆ بە چەترە شکاوەکەی دەستت و
منیش بە ئەسپە دارینەکەم
لەژێر چەترەکەتا باران لێی داین،
بارانی درۆینە
لەسەر دیوارەکاندا بە خواروخێچی

وێنەی دڵمان دەکێشا
ئەو کاتەی کە لەگەڵ تۆ بووم
لە تاریکایی دەترسام
ئێستا دوور لە تۆ
لە ڕووناکی دەترسم!

"وێنە ڕەنگاوڕەنگەکان"

پەڵە هەورەکان،
فرمێسکی چاوی ئاسمانی منالّن

شەو دەستە سپییەکانتی داپۆشی و
خەوت لێ کەوت.

بەختەوەری ماسییەکە و
ڕێژێ ڕاوکەر و
ڕۆژێکی مەل و
ڕۆژێکی تر نەهەنگێک قووتیدا.
کات ئێسکێکی فڕێدراوە و
شوێن سەگێکی دڕی نووستووە،

مۆسیقا...،
نەخۆشم ولیمۆیەکی ترشم بۆ سپی دەکاتەوە

من و ئاو هەموو ڕۆژێ یەکتر دەبینین
یا من دەچمە ژێر بارانی
ئەو دێتە ناو زگی من.
دوێنێ گەواڵەکان ڕاڕابوون
باران،

وێنەکەتی فڕی دایە ناو ئاو.

زەوی
چاوێکی کوێرە و
لینجاوێکی سووری مەیلەو شین
بەسەر بیبلەکەیدا مەییوە.

دارستان،
سەری مەڕێکی سەربڕاوە و
چۆلەکەکانیش تنۆکە خۆێنن.

ئێوارە،
دوو لاقی کابرایەکی زەبەلاحە و
کۆترەکان بە نێوانیدا تێ دەپەڕن.

ئەو ڕۆژە،
کراسە سپییەکەتم لە شان نا و
بۆ بەهەشتم برد

خۆشەویستەکەم،
لە گەرماوەکەدا خۆی دەشوا،
چۆلەکەکانیش ئاوی جۆگەلەکە
دەخۆنەوە!

لە سێوێکدا
ددانەکانی پێشەوەتم بینی.

تاریکایی،
قالۆنچەیەک بوو، لە نێو دەسکە کەرەوزێکدا

دەگەڕا.

أيان
نینۆکی درێژی پەنجەی ئەو کوڕە بوو
کە ئەویٚ ڕۆژیٚ، بڕی و فڕێی دا.

بزمارە سپییەکان
مەیلەو ڕەش بوون
هەموو سابوونە سپییەکان
لە تۆ دەچیٚ "یولیا"

ڕووناکی دەسەسڕێکە و
ئاوی چاوە کوێرەکەی زەوی
پیٚ دەسڕمەوە.

" بۆ: yolia"

ئاە... خوایە
وەکو نەرمەبایەکی هەستپێکراو
هەموو ڕاز و نهێنییەکانی لە هەناسە و
دەموچاوییەوە
بۆ لام دەهات...
هەموو پەیڤە شاردراوەکەی ناخی وەکو توێژێکی
سپی بەسەر سیمایەوە بوو
نازانم دەموجاو بۆ ئەوەندە پیرۆزە؟!
ئەو شەوەی لە ماڵ نەبووی
لەناو جێگەکەت خەوتم، بەیانی کە لە خەو
هەستام
سەرینەکەتم ماچکرد... ئەو جێیەی کە هەموو
شەوێک دەموچاوتی

لەسەر دائەنێی...، ئەو شوێنەم وەکو پشیلە بۆن
کرد.
سەیری نێو چاوەکانیم دەکرد
لە خەتە قاوەییەکان ورد دەبوومەوە...تا
چاوەکانم پڕ دەبوون لە ئاو
ئێستا بیر لەو ئازادییە دەکەمەوە،
گریانم دێ...؟
بە خۆم دەڵێم: چ شتێک گرنگترە لە سەیرکردنی
چاوەکانی "یولیا"

لەسیمای سادەترین شت
شەڕ دەبینم...
ئەم دەوروشتە، ئەم زەوییە
هێندە برسەزمانە... گەر سەربازێکی
ئامێریش هێرشی بۆ بێنێ داگیری دەکا.

ئەو شەوەی لە ماڵ نەبووی
لەناو جێگەکەت خەوتم، بایانی کە لە خەو هەستام
سەرینەکەتم ماچکرد... ئەو جێیەی کە هەموو شەوێک
دەموچاوتی
لەسەر دایەنێی...، ئەو شوێنەم وەکو پشیلە بۆن کرد.

لەسیمای سادەترین شت
سەڕ دەبینم...
هێندە بەسەزمانە... گەر سەربازێکی
ئامێریش هێرشی بۆ بێنێ داگیر دەکا.